# ئێستا کاتی داواکردنی پۆلی پێش خوێندنگایه بۆ منداڵەکەت

لێره زانیاری بۆ ئه‌تۆیه که منداڵێکت هه‌یه که له ئاخرین ساڵی خوێندنێتی له خوێندنگاکه‌ی.

ئه‌تۆ پێویست ده‌کات داوای ئه‌و خوێندنگا بکه‌یت که ده‌ته‌وێت منداڵه‌که‌ت له‌وێ بێت. ئه‌تۆ ده‌توانیت داوای هه‌ر خوێندنگایه‌ک بکه‌یت که ده‌ته‌وێت له نێو شاره‌وانیه‌که. ئێمه تا ده‌کرێت داخوازه‌کانی ئه‌تۆ له‌به‌رچاو ده‌گرین. ئه‌گه‌ر داواکه‌ری زیاتر هه‌بێت تا ژماره‌ی شوێن له خوێندنگاکه ئه‌وا منداڵه‌کان دابه‌ش ده‌کرێن به پێی ڕێبازی نێزیکیی ڕێژه‌یی.

له ماڵپه‌ڕی orebro.se/sokaskola ده‌توانیت زیاتر بخوێنیته‌وه ده‌رباره‌ی چۆنیه‌تی دابه‌ش کردنی شوێنه‌کان له خوێندنگاکه. لێره هه‌روه‌ها لیسته‌یه‌ک ده‌دۆزیته‌وه له‌سه‌ر هه‌موو خوێندنگاکان له شاره‌وانی ووره‌برو، هه‌م سه‌ر به شاره‌وانی و هه‌م سه‌ربه‌خۆ.

## داوای خوێندنگای سه‌ر به شاره‌وانی بکه له به‌ینی به‌رواری ١٥ تا ٣١ی مانگی یه‌ک

له کاتێک بڕیارت داوه ئه‌تۆ و منداڵه‌که‌ت کام خوێندنگاتان ده‌وێت ئه‌وا ده‌بێت داخوازه‌کانی خۆت له خزمه‌تی ئه‌لەکترۆنیکی ئێمه تۆمار بکه‌یت. ئه‌تۆ ده‌توانی تا سه‌روه‌ی پێنج خوێندنگا هه‌ڵبژێریت و پله دانان بکه‌یت. هه‌موو دایکوباوکێک پێویستیان به پۆستی ئه‌لەکترۆنیکی یان ناسنامه‌ی بانکه بۆ به‌کار هێنانی خزمه‌ته ئه‌لەکترۆنیه‌که. بۆ ئه‌وه‌ی داواکه برەودار بێت ئه‌وا هه‌موو دایکوباوکه‌کان ده‌بێت داواکه له خزمه‌ته ئه‌لەکترۆنیه‌که ئیمزا بکه‌ن ئه‌وپه‌ڕی درەنگی ٣١ی مانگی یه‌ک.

ئه‌گه‌ر ناتوانیت خزمه‌ته‌که ئه‌لەکترۆنیه‌که به‌کار بهێنیت ئه‌وا ده‌توانیت داوای فۆرمی کاخه‌زی بکه‌یت. فۆرمه‌که هه‌یه له ماڵپه‌ڕی orebro.se/sokaskola یان ده‌توانیت داوای بکه‌یت له ناوه‌ندی خزمه‌ت.

خزمه‌ته ئه‌لەکترۆنیه‌که کراوه‌ته‌وه له ماوه‌ی کاتی داواکردن، **به‌رواری ١٥ تا ٣١ی مانگی یه‌ک**. ئه‌گه‌ر له ڕێگای فۆرمی کاخه‌زی داوا ده‌که‌یت ئه‌وا داواکه ده‌بێت به‌ده‌ستی شاره‌وانی ووره‌برو گه‌یشتبێت ئه‌وپه‌ڕی درەنگی ٣١ی مانگی یه‌ک و له لایه‌ن هه‌م دایک و هه‌م باوک ئیمزا کرابێت. ده‌نا داواکه برەودار نیه.

له ئه‌وپه‌ڕی درەنگی کۆتای مانگی سێ بڕیار وه‌رده‌گریت که منداڵه‌که‌ت له کام خوێندنگا وه‌رگیراوه.

## تاقیکردنه‌وه‌ی تواناداریی بۆ دیمه‌نێک و هه‌روه‌ها داوای داواکردنی خوێندنگا

بۆ هه‌ندێک دیمه‌ن له پۆلی ساڵی حه‌وت منداڵه‌که‌ت پێویست ده‌کات تاقیکردنه‌وه‌یه‌کی تواناداریی بکات. تاقیکردنه‌وه‌ی تواناداریی پێشتر له پائیز کرا. به‌ڵام هه‌رچه‌ن منداڵه‌که‌ت ئه‌و تاقیکردنه‌وه‌ی کردوه ئه‌وا پێویست ده‌کات داوایه‌ک ڕاده‌ست بکه‌یت بۆ ئه‌و خوێندنگای شایانی باسه. ئه‌نجامی تاقیکردنه‌وه‌که‌ی تواناداریی به ئۆتوماتیک ڕاده‌ستی یه‌که‌ی وه‌رگرتنی خوێندنگای سه‌ره‌تای ده‌کرێت.

**یه‌که‌ی وه‌رگرتنی خوێندنگای سه‌ره‌تای**
orebro.se

بۆکس ٤٧ ٣٠٠، ٣٥ ٧٠١ ووره‌برو
ناونیشانی سه‌ردانی ناوه‌ندی خزمه‌ت: درۆتنینگس گاتان ٥
servicecenter@orebro.se
ناوه‌ندی خزمه‌تی ٠٠ ١٠ ٢١ – ٠١٩

ÖREBRO

ئەگەر منداڵەکەی ئەتۆ تاقیکردنەوەی تواناداریی نەکردوە و ئەوە پێویستە لە ئەو خوێندنگایە کە دەتەوێت منداڵەکەت لەوێ بێت ئەوا دەبێت پێوەندی بەو خوێندنگا بکەیت.

## خوێندنگاکانی سەربەخۆ

ئەگەر دەتەوێت داوای شوێن لە خوێندنگایەکی سەربەخۆ بکەیت ئەوا ڕاستەوخۆ پێوەندی بە خوێندنگاکە دەکەیت. ئەوان خۆیان شوێنەکانی خۆیان مامەڵە دەکەن. ئەگەر داوای شوێن لە خوێندنگایەکی سەربەخۆ بکەیت ئەوا دەتوانیت لە هەمان کات داوای خوێندنگای شارەوانی بکەیت. ئەگەر پاشان بڕیاری هەڵبژاردنی خوێندنگا سەربەخۆیەکە بدەیت ئەوا گرینگە کە ئەوە بە ناوەندی خزمەت ڕابگەیەنیت.

## هێنانوبردنی خوێندکار

ئەگەر ماڵی منداڵەکەی ئەتۆ زیاتر لە سێ کیلۆمەتر دوورە لە خوێندنگا تازەکەی ئەوا منداڵەکە لەوانەیە لە هەندێک حاڵەت مافی یارمەتی هێنانوبردنی هەبێت. مەودای دووری لە ناونیشانی تۆماری دانیشتوانی منداڵەکەوە حیساب دەکرێت بۆ ئەو خوێندنگا کە شارەوانی دابینی دەکرد بۆ منداڵەکە، هەرچەن منداڵەکە بڕیاری داوە بڕوا بۆ خوێندنگایەکی دیکە.

ئێمە داوا لە ئەتۆ دەکەین کە داوای یارمەتی هێنانوبردنی خوێندکار بکەیت لە هەمان کات کە داوای شوێن دەکەیت لە خوێندنگا. ئەو کات بڕیاری هێنانوبردنی خوێندکار وەردەگریت پێش ئەوەی خوێندنگا دەست پێدەکات. داوای یارمەتی هێنانوبردنی خوێندکار دەبێت بۆ هەر ساڵێکی تازەی خوێندن بکرێت.

## بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد

ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە شوێنە لە بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد ئەوا داوای ئەوە دەکەیت لە کاتێک بڕیاریت وەرگرتوە کە منداڵەکەت لە کام خوێندنگا شوێنی وەرگرتوە،

## لێرە زانیاری زیاتر وەردەگریت

لە ماڵپەڕی orebro.se/sokaskola دەتوانیت زیاتر بخوێنیتەوە دەربارەی چۆنیەتی داوا کردنی خوێندنگا و زانیاری زیاتر دەدۆزیتەوە دەربارەی هێنانوبردنی خوێندکار و بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد.

ئەتۆ هەروەها دەتوانیت پێوەندی بە ناوەندی خزمەت بکەیت بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٠ ١٠ ٢١-٠١٩، servicecenter@orebro.se یان servicecenter@t-meeting.se (زمانی ئیشارە).

## In other languages

The information above is also available at our preschools/schools in Arabic, English, Finnish, Sorani and Somali. Contact your preschool or our Service Centre at 019-21 10 00 or servicecenter@orebro.se if you have any questions.

یەکەی وەرگرتنی خوێندنگای سەرەتای
orebro.se

بۆکس ٤٧ ٣٠٠، ٣٥ ٧٠١ وورەبرو
ناونیشانی سەردانی ناوەندی خزمەت: درۆتنینگس گاتان ٥
servicecenter@orebro.se
ناوەندی خزمەتی ٠٠ ١٠ ٢١ – ٠١٩

ÖREBRO